# چەپی کوردستان، سەرهەڵدان و شکڵگیری

## دیمانەی ئاڵای ئازادی لەگەڵ نادر عبدالحمید.

ئامادەکردنی: **ئیدریس**

**ئاڵای ئازادی:** ئەگەر بکرێ کورتەیەک لە ژیانی خۆت، مێژووی خەبات و کاری سیاسیت بۆ خوێنەرانی ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی باس بکەیت.

**وەڵام:** ساڵی 1956، لەشاری **قەڵادزێ** لە بنەماڵەیەکی ئاینی یەکەمین کوڕیان بەناوی **[صاڵحی مەلا دەڵگەیی]** لەدایک دەبێ. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە شاری قەڵادزێ تەواو دەکا. خوێندنی ئامادەیی (1976-1977) لە سلێمانی و "کۆلێژی ئابوری"شی لە زانکۆی بەغدا (1981) تەواو کردوە.

لە شکڵ پێدەرانی کۆڕوکۆمەڵێکی چەپ و مارکسیستی بەرفراوانی ناوچەی پشدەر و بیتوێن بوە لە کۆتایی هەفتاکانی سەدەی بیستەم کە لە خوێندکاران، ڕۆشنبیران و لاوانی خوێنگەرمی شارەکانی قەڵادزێ، سەنگەسەر، ڕانیە، چوارقوڕنە و حاجیاوا پێکهاتبوو.

**صاڵحی مەلا دەڵگەیی،** دامەزرێنەری "تیپی 63 ی جوتیاران" ی سەر بە (ی.ن.ک) بوە لە پایزی 1981 دا لەگەڵ بەڕێز **عبداللە صالح** ناسراو بە **"خاڵە عەبدە"**. پێشنیاری بەڕێزان مام جەلال و نەوشیرەوانی ڕەت کردەوە کە خۆی ببێتە بەرپرسی تیپەکە بەڵکو بەهاوکاری عبداللە صالح کۆمیتەیەکی ڕابەریان دروست کرد لە 5 بەرپرس، سێ کەس لەو بەرپرسانە لە ڕابەرانی بزوتنەوەی جوتیاری ناوچەی پشدەر بون وێرای خاڵە عەبدە و خۆی. لە 1983دا بەهۆی ناکۆکی فکر و سیاسی لەگەڵ "یەکیەتی"دا خۆی و خاڵە عەبدە لە پێشمەرگایەتی دانیشتن.

شەش مانگ لە گوندی "بێژوێ"- کوردستانی ئێران، لەژێر چەتری پارێزگاری هێزەکانی پێشمەرگەی "کۆمەڵە"ی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێراندا بو، پاشان بەقاچاخ خۆی کردۆتەوە بە ناو شاری سلێمانیدا، و نزیک بە 8 ساڵ ژیانی ژێرزەمینی ژیاوە لەپەناگادا و بەنهێنی کاری سیاسی کردوە.

لە کۆتایی 1983 پەیوەندی کردوە بە ڕێکخراوی (یەکیەتی تێکۆشانی کارگەران)ەوە کە ناسرابو بە "کارگەران". لە ماوەی چەند مانگێکی کەمدا پاڵێورا بۆ کۆمیتەی ناوەندی ئەو ڕێکخراوە.

لەبەر بارودۆخی ئیستیبدادی سیاسی ڕژێمی بەعس و ژیانی ژێر زەمینی لە 1984 وە **[صاڵحی مەلا دەڵگەیی]** ناچار دەبێت بە نازناوێکی سیاسی بەناوی **نادر عبدالحمید** کاروچالاکی سیاسی خۆی پەرەپێبدات و لەوساتە وەختەوە لەناو بزوتنەوەی چەپدا بەو ناوە دەناسرێتەوە.

نادر عبدالحمید، یەکێک بوە لەو سێ کادرە **[موئەیەد ئەحمەد، ئەمجەد غەفور، نادر عبدالحمید]**، کە ڕێکخراوی "**ڕەوتی کۆمۆنیست**"یان لە هاوینی 1984 دروست کردوە، لەڕێگەی ڕەخنەیەکی فکری-سیاسیەوە لە ڕێکخراوی "کارگەران".

یەکێک بوە لەو 10 کادرانەی بزوتنەوەی چەپ کە لە 1993 دا **"حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق"**یان ڕاگەیاندوە و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیەکەی بوە تا کۆنگرەی یەکەم.

بەهۆی جیاوازیەکی فکری-سیاسی، پاش کێشمەکێشێکی سیاسی لەگەڵ بەرپرسی "ڕێکخراوی دەرەوە"ی ئەوکاتەی حیزب و "نوێنەری مەکتەب سیاسی" لە دەرەوەی وڵات، لە 8 حوزەیرانی ساڵی 2000 دا، لەو حیزبە هاتۆتە دەرەوە.

ئێستا پرۆژەیەکی سیاسی بەدەستەوەیە لەڕێگەی ماڵپەری **"ڕەوەند"**ەوە www.rewend.info

**********

## ئاڵای ئازادی:- مێژوی چەپ لە کوردستاندا چۆن و کەی سەری هەڵدا؟ وە لەژێر کاریگەری چ هەلومەرج و بارودۆخێکی فکری-سیاسیدا شکڵی گرت؟

## وەڵام: نادر عبدالحمید.

### 1- ماتریالیزم و چرکەساتی لەدایک بون.

ئەم پرسیارە وەک سەرەتا و دەستپێکردن پرسیایکی گەلێک گرینگە. چونکە ئەمانگەڕێنێتەوە بۆ ئەو ساتە وەختانەی کە ئێمەی چەپ، وەک بزوتنەوەیەک، چۆنچۆنی تیا لەدایک بوین، چاومان پشکوت، پێمان گرت، زمانمان کرایەوە. چۆنچۆنی هاتینە ناو جیهانی سیاسەتەوە و شکڵی ڕێکخراوەییمان بەخۆمان دا.

بۆ ناسینی کرۆک و ناوەڕۆکی هەر دیاردیەک، پێویستە بگەڕێینەوە سەر خودی دیاردەکە، سەر چرکە ساتەکانی لەدایک بون و چۆنیەتی نەشونماکردنەکەی، ئەبێ بگەڕێینەوە سەر ئەو هەلومەرج و بارودۆخە مێژوییەی کە کاریگەری داناوە لەسەر ئەلیمێنتە ژینێتیکەکانی، لەسەر کەرەکتەری ئەو دیاردەیە و وای لێکردوە کە بەم شکڵە لەدایک بێت نەک بەجۆرێکی تر، ئەم قەدوقیافەی هەبێ نەک بیچمێکی تر، ڕوەو ئاقارێکی دیاریکراو مل بنێ نەک بەلایەکی تردا شۆڕبێتەوە. وە ئەمەشە کە بۆمان ڕون دەکاتەوە بزانین کە ئەو بزوتنەوەیە چۆن خۆی پێناسە دەکات، چ تێگەیشتن و لێکدانەوەیەکی لە خۆی و لە دەوروبەری کۆمەڵایەتی خۆی هەیە، چ زمانێکی باس و لێکۆڵینەوەی هەیە، چ جۆرە تێرم و مەفهومێکی فکری و سیاسی بەکاردێنێت. چ هەڵوێستێکی لە بەرامبەر دیاردە و ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکاندا هەیە، چ ئاسۆیەک دەخاتە بەردەم کۆمەڵگە، و ....هتد.

### 2- گوزەرگای مێژویی.

دەستەو تاقم و مەحفەلی مارکسیستی جۆراوجۆر لە عێراق (و کوردستانی عێراقدا) لە نیوەی دوەمی دەیەی هەفتاکاندا سەرهەڵدەدەن، کۆتایی هەفتاکان و ساڵانی سەرەتای هەشتاکان ساتەوەختێکی گوزەرگایە بۆ مارکسیزمێک کە هەوڵ ئەدات پێناسەی خۆی لە دەرەوەی مارکسیزمی ڕەسمی ئۆردوگایی (بەتایبەت سۆڤیەتی) پەیدا بکات. چەپی کوردستان بەمانا و مەفهومێک کە ئێستا هەیە دوای ئەو پرۆسە گوزەرایەی دەیەی هەفتاکان دەبێتە جموجوڵ و چالاکیەک لەناو خوێندکاران، لاوان، کارمەندان و ڕۆشنبیرانی کوردستاندا، وە لەسەرەتای هەشتاکاندا ئەتوانین بڵێین وەک بزوتنەوەیەکی سیاسی ئەو توێژە کۆمەڵایەتیە شکڵی گرتبوو.

هەلومەرج و فەزایەکی فکری کە ئێمە وەک بزوتنەوەیەک ئەوسا شکڵمان تیا گرت هەندێکیان ناوخۆیی (عێراقی و کوردستانی)، هەندێکیش جیهانی و هەندێکیش ناوچەیی واتا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی بوون. کە لێرەدا بەکورتی و تیتروار باسیان لێوەدەکەین:

### 3- کۆڕوکۆمەڵ، دەستە و ئەڵقە سەرەتاییەکان.

**A-** شکستی باڵی مەکتەب سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان کە بە **"جەلالی"** ناسرابو لە 1970 دا، لەبەرامبەر باڵی **"مەلایی"** ئەو حیزبەدا بوە هۆی بەخۆداچەنەوەیەک لەلایەن ڕۆشنفکرانێکی چەپ لەناو بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد و شکڵگیری چەند دەستە و کۆڕو کۆمەڵێک کە دواتر بە ڕێکخراوی **"کۆمەڵەی مارکسی-لینینی کوردستان"** ناسرا. پەرەسەندنی دیالۆگ و باسە فکری-سیاسیەکانی ناو ئەم کۆڕ و ئەڵقە سەرەتاییانە بەتایبەت دوای داڕوخانی بزوتنەوەی چەکداری 1975 نوقتە وەرچەرخانێک و تۆوی سەرهەڵدانی توخمێکی نوێ دەبێت لەچەپی کوردستان. چەند ئەلقەیەک لەناو ئەم کۆڕوکۆمەڵانەدا بەئاکامی ئەوە ئەگەن کە ناکرێ باس لە مارکسیزم و چینی کرێکار بکەیت و حیزبێکی کوردستانی (مارکسیست و کرێکاری) دروست بکەیت، بەڵکو ئەبێ لەسەر بنەمای پاراستنی یەکیەتی چینی کرێکاری عێراق ئەو حیزبە مارکسیست و کرێکاریە دروست بێت. بەم شێوەیە <u>**ڕێچکەیەکی تر**</u> دێتە ئاراوە لە ئاکامی پەرەسەندی ناکۆکیە دەرونیەکانی ئەم دەستەو کۆڕوکۆمەڵە ڕۆشنبیرە چەپە ناسیونالیستەی کوردستان. <u>ئەم ئەڵقە و دەستە "عێراقی"انە گرینگترین توخمی بنچینەیی و ئەلیمێنتی سەرەتایی چەپی هاوچەرخی کوردستان پێک دەهێنن</u>، کە دواتر لە پرۆسەیەکدا پەرەدەستێنن و دەبنە بنەمای شکڵگیری ڕێکخراوێک بەناوی **"کارگەران"** کە دەبێتە بەردی بناغەی چەپێکی ڕێکخراو لە کوردستاندا.

بیروجۆچون و ئایدیۆژیایەک کە لەو سەردەمانەدا زاڵ و باو بوو لە ناو ڕۆشنبیران و ئەو کۆڕوکۆمەڵە فکری-سیاسیانەدا **ماویزم** بوو چ لەناو "کوردستانی"ەکان و چ لەناو "عێراقی"یەکاندا، کەدواتر لەپرۆسەیەکدا لە کۆتایی هەفتاکان و سەرەتای هەشتاکاندا ئەم ماویزمە کاڵ دەبێتەوە، برەوی نامێنێ و دەپوکێتەوە. "کوردستانیەکان" بەگشتی ڕوەو ئەوە دەڕۆن کە دەستبەرداری مارکسیزم بن، و "عێراقی"ەکانیش لەبری ئەو ماویزمە ڕوەو دەست ڕاگەیشتن بە تیۆری و بیروبۆچونی تری مارکسیزم مل دەنێن کەدواتر باسی لێوە دەکەین.

**B-** لەلایەکی ترەوە نارەزایەتی ڕۆشنبیرانی مارکسیستی دەرەوەی حیزبی شوعی عێراق (حشع)، وێڕای پەرەسەندنی نارەزایەتیەکانی ناوخۆی ئەو حیزبە، کە نەک هەرچوبوە ژێر باری هەڵوەشانەوەی ڕێکخراوە پیشەییەکانی وەک قوتابیان، لاوان و ژنان .... بۆ حیزبی بەعس، <u>بەڵکو دانیشی نابو بەوەدا کە حیزبی بەعس حیزبی ڕابەرە</u> و حیزبی شوعیش نابێ هیچ ڕێکخراوەیەکی حیزبی لەناو سوپای عێراقدا دابمەزرێنێت، وە زۆر داشکان (تەنازولات)ی سیاسی تریش هەمووی لە پێناو پێکهێنانی "بەرەی نیشتیمانی 1973" لەگەڵ حیزبی بەعس دا. [بڕوانە کتێبی تأريخ العراق الحديث. بەرگی دوەم بەندی 13، حامد الحمداني]. هەروەها فشاری ڕۆژ لەڕۆژ زیاتری دەوڵەتی بەعس بۆسەر حشع دوای 1975 تا گرتن و ڕاوەدونانی هەڵسوڕاوان و ئەندامانی ئەو حیزبە لە 1978 و 1979 دا، کەوای کردبو لە بەشێکی زۆری دانیشتنەکانی کۆبونەوەی سەرکردایەتی "بەرە" ڕابەرایەتی حشع ئەبوا خەریکی خاتروخوایشت (واستەکردن) بێت بۆ بەردانی کادر و ئەندامەکانی [بڕوانە هەمان سەرچاوە]. ئەم بارودۆخەی سەرەوە کە باسمان کرد، زەمینەسازی سەرهەڵدانی دەستەو تاقم و مەحفەلی سیاسی ڕۆشنفکری مارکسیستی جیاجیا بوو، لە چەشنێکی تر، لە تەواوی عێرقدا لەوانەش لە شارەکانی کوردستاندا، کە بە ڕوحیەتی دژی سازشکاری حشع و دژی ئیستیبدادی بەعس پەروەردە دەبون.

**C-** قەلاچۆکردن و بنەبڕکردنی باڵی چەپی حشع کەبە **"قیادە مەرکەزی"** ناسرابو لەلایەن حیزبی بەعس و حکومەتەکەیەوە لە کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکاندا (هەر لەو ماوەیەدا کە گفتوگۆ لەگەڵ کۆمیتە ناوەندی ئەو حیزبە لە ئارادا بو کە ئاکامەکەی گەیشت بە پێکهێنانی بەرەی نیشتیمانی 1973 )، بۆشاییەکی دروست کردبو کە ئەو دەستەوتاقم و مەحفەلانە لە فەزایەکی ئاوەڵا و بێ ئەوەی کە حیزبێکی چەپ هەبێت و کێشیان بکات بەرەوخۆی، ئەم کۆڕوکۆمەڵانە شکڵیان دەگرت و وەک قارچک هەڵدەتوقین.

## 4- هەلومەرجی فکری-سیاسی و چینایەتی.

بەڵام بابزانین بۆچی ئەم دیاردەیە؛ یەکەم وەک قارچکی بەهاران هەڵدەتوقێت و دوەم بەناوی چەپ و مارکسیزمیشەوە دەدوێت؟

مەسەلەکە زۆر واوەترە لەوەی کە ڕێکخراوێکی کوردستانی هەیە (کۆمەڵەی مارکسی لینینی) و دەستەو کۆڕوکۆمەڵی "عێراقی" لێ جیائەبێتەوە و ڕێچکەیەکی سەرتاسەری دەگرنەبەر، یان حیزبێک هەیە (حشع) و بەهۆی سیاسەتێکی سازشکاریەوە ئەندامان و کادرەکانی دێنە دەرەوە. مەسەلەکە پەرەسەندنێکی بەربڵاو و بێ ئەندازەی فکری مارکسیزم و لەسەر ئەو بنەمایەش سەرهەڵدان و هەڵتوقینی بەردەوام و هەرڕۆژەی دەستە و ئەڵقە و کۆڕو کۆمەڵی فکری سیاسی "مارکسیست"ی

جیاجیا و بەربڵاو بونیان بوو لە ناو توێژی ڕۆشنبیراندا لەو سەردەمەدا. بۆ ڕونکردنەوەی ئەمە پێویستە ئەو پرۆسە مێژوییە ڕون بکەینەوە کە زەمینەی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی ئەو کۆڕوکۆمەڵە ڕۆشنبیرە سیاسیانە و برەو و ڕەمێنی "مارکسیزم"ە لە ناویاندا، لەو سەردەمەدا.

**A-** دوای ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتی 1958 و دامەزراندنی جمهوریەت، سەرمایەداری بە هەنگاوی زل، درشت و بەربڵاو لە پانتایی هەموو عێراقدا ئەچێتە پێشەوە. چینێک کە لە سەردەمی پاشایەتیدا نارەزایەتیەکانی دژی دەرەبەگەکان و دژی دەوڵەتی نیمچەدەرەبەگی نۆکەری دەوڵەتی ئیمپریالیستی ئینگلیز، بۆ بەدەستهێنانی خواستەکانیان لە ئەرز و ئاو، لە ڕزگاربون لە کۆت و بەندی پاشکۆیەتی شەخسی و بەدەستهێنانی ڕزگاری نیشتیمانی و ئازادیە فەردی و مەدەنیەکان، ڕۆڵێکی کاریگەی هەبو لەشکڵدان بە باروخۆخی فکری و سیاسی ئەوکاتەی عێراق و کوردستان لەوانە بۆ نمونە ڕاپەرینەکانی جوتیارانی دەشتی دزەیی و جوتیارانی ناوچەی قەراخ لە سەرەتای پەنجاکاندا. (بڕوانە کتێبی: بیرەوەریەکانی بەهائەدین نوری هەم بۆ ڕۆڵی حیزبی شوعی لە ڕێکخستن و ڕابەری کردنی ئەو بزوتنەوە کۆمەڵایەتیە نارازیە وەهەم بۆ هێزگرتن و پەرەدار بونی نفوزی ئەو حیزبەش لەناو کۆمەڵگەی کوردستاندا). هاتنەدەرەوەی بزوتنەوەیەکی سەرتاسەری (عێراقی) جوتیاری بەهێز بە لاچونی سەرقاپی ئیستیبدادی پاشایەتی لە 1958 دا، و دەست گرتن بەسەر ئەرز و ئاو بەپێی یاسای ڕیفۆرمی کشتوکاڵی (قانونی ئیسلاحی زەراعی) ئیتر ئەو چینە (جوتیاران) لە پرۆسەیەکی توانەوەدایە و شارەکان لەسەر بنەمای جوتیارانی کۆچکردو هەڵدەدمسێن کە بەشی زۆریان وەک کرێکار و بەشێکیشیان وەک ئەهلی کەسەبە بە دوکانداری و بازرگانیەوە مەشغوڵ دەبن. بەم شێوەیە بەجیا لەچەند ناوچەیەکی پرش وبڵاو و لێرەو لەوێ ئیتر جوتیار و مەسەلەی ئەرز و ئاو لەوە دەچێتەدەرەوە کە شکڵ بدات بە بارودۆخی فکری وسیاسی عێراق (ئەڵبەتە کوردستانیش لەگەڵیا) لە شەستەکانی سەدەی بیست بەدواوە. [باڵادەستی سەرۆک عەشیرەتەکان و دەرەبەگەکان لەناو بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردستانی عێراقدا لەو کاتەدا، مەسەلەیەکی ترە و پەیوەست نیە بەم باسەوە.]

**B-** چینی کرێکار کە ئەویش وەک جوتیاران بەلاچونی سەرقاپی ئیستیبدادی پاشایەتی لە بزوتنەوەیەکی بەهێزدا خۆی نیشاندا 1958- 1960 و چەند ڕیفۆرێکی یاساییش لە دەوڵەتی عێراقدا جێگیر کرا بۆی. ئەم چینە بە هەڵوەرین و توانەوەی چینی جوتیاران لە ناویدا، لە شەستەکان و حەفتاکاندا، دەکەوێتە حاڵەتێکی نوێ بونەوە و شکڵگیریەکی تازە و پێکهاتەکەی ئەگۆرێت. چینی کرێکار لەم ماوەیەدا پێویستی بە خۆناسینەوە هەیە، لە پرۆسەیەکی سەرلەنوێ خۆناسینەوەی خۆیدایە، لەژێر فشاری ناسیونالیزمدایە و ئەو متمانەی کەبوی بە **حشع** لەدەستی داوە. ئاسۆ و ئاڵتەرناتیڤێکی سیاسی تریش بۆخۆی نابینێتەوە لەمەیدانەکەدا. بۆیە لە باری سیاسیەوە سەرکزە و دیار نیە لەئاڵوگۆرە سیاسیەکاندا و نارەزایەتیەکانی لە کارخانە و کۆمپانیاکاندا بەدەوری خواستە ئابوری و پیشەییەکانیەوە تەوەرە دەبەستێ.

**C-** فاکتەری هەرە گرینگ لەم نێوەدا کە شکڵ دەدات بە فکر و سیاسەت، بە مێژوو وە بەچارەنوسی کۆمەڵگەی عێراق ڕەوتی ناسیونالیزمی عەرەبیە، بەتایبەت ڕەوتی "ناسری"ەکان و "بەعس"یەکان. سەرکەوتنەکانی ناسیونالیزمی عەرەبی لە بەشێک لە وڵاتانی عەرەبیدا (میسر، سوریا، جەزائیر و یەمەن) ڕاستەوخۆ دوای جەنگی جیهانی دووەم، وە بەگشتی پێشرەویەکانی ناسیونالیزم لە جیهانی عەرەبیدا، دەستمایەیەکی بەهێز بون بۆ پێشرەویەکانی ئەو ناسیونالیزمە لە عێراقیشدا. ئەم ڕەوتە وەک ڕەوتێکی دڕ، خوێناوی و پەلاماردەر، هەڵمەت بەر و هەڵگوتانەسەر نەیارەکانی خۆی لە سەرەتای شەستەکاندا دەسەڵات دەگرێتەدەست و دامودەزگای دەوڵەتی عێراقی دەکەوێتە ژێردەستەوە بە هێزی سوپا، میدیای دەوڵەتی (ڕادیۆ و تەلەفزیۆن) سەرچاوە ئابوریەکانەوە، وە لەو ڕاستایەدا بەکاردەهێنێ.

شەلاڵ کردنی حیزبی شوعی عێراق لە خوێندا 1963، پاشانیش باڵە چەپەکەی "قیادە مەرکەزی" لە 1969-1970 و لەتوپەت کردن و لەباربردنی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی وەک بزوتنەوەی کرێکاری و ڕێکخراوە پیشەییە پێشکەوتنخوازەکان، سەرکوتکردنی خەڵکی کوردستان بە ئاگر و ئاسن؛ هەمو ئەمانە ئەڵقەی یەک زنجیرەن لە هێنانەدی دەوڵەتێکی سەنترالخوازی نەتەوەیی عەرەبی لە عێراقدا کە تێکەڵ بێتەوە لەگەڵ دەوڵەتە نەتەوەییەکانی میسر و سوریا وەک سەرەتایەک بۆ هێنانەدی یەکیەتی جیهانی عەرەبی و دروست کردنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی عەرەبی بەهێز لە هەرێمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە بتوانێت لەرێگەی یەکلاکردنەوەی **"مەسەلەی فلستین"**ەوە چارەنوسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، وەک هێزێک لەبەرامبەر ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوا ڕابوەستێت و بتوانێت بەشە پشکی بورژوازی عەرەبی لە جیهاندا مسۆگەر بکات.

بورژوازی عێرق وەک چینێک لە شەستەکان و هەفتاکانی سەدەی بیستدا نەک لەڕێگەی هاوئاهەنگی توێژ و ڕەوتە فکری-سیاسیە جیاجیاکانیەوە بەڵکو لەڕێگەی مەیدان ئاوەڵاکردن بۆ ڕەوتی ناسیونالیستی عەرەبی یەکگرتوخواز، کە بتوانێ پایەگای لیبڕالیزم لە دەرنی خۆیدا لاواز بکات، بزوتنەوە دیموکراتخوازیە جەماوەریەکان و بزوتنەوەی کرێکاری و چەپ سەرکوت بکات، تا لەڕێگەی هەندێ ڕیفۆڕمی ئابوری و کۆمەڵایەتی لەژێر پەردەی ئیستبدادا بتوانێ ڕۆڵی خۆی ببینێ هەم بۆ پەرەپێدانی ئابوری لەشکڵی سەرمایەداری دەوڵەتی و هەم بۆ زاڵ بون بەسەر چارەنوسی سیاسی کۆمەڵگە وەک چینێک. ئەمە شێوازێکی دیاری کراوی چینی بورژوازیە کە بەپێی هەلومەرجێکی ناوخۆ (عێراقی) و ناوچەیی (ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی عەرەبی)، وە لەسەردەمێکی دیاری کراودا، لەڕێگەیەوە ئەتوانێ سەرکوتی بزوتنەوەی کرێکاری، چەپ و بزوتنەوە دیموکراتخوازەکان بکات، وە لیبرالیزم پەراوێز بکات لەدەرونی خۆیدا و دەسەڵاتی چینایەتی خۆی بە ئاسۆیەکی نەتەوەپەرستی بەسەر کۆمەڵگەدا ڕائەگرێت.

بەم پێە لە ساڵانی هەفتاکاندا ئێمە لەبەرامبەر دەوڵەتێکی سەنتڕالیزەکراوی ناسیونالیستی عەرەبی کە پێشڕەویەکی ئابوری گەورەی ئەنجامداوە و ئاستی گوزەران و ڕەفاهی کۆمەڵایەتی بەرزبۆتەوە بە خۆماڵیکردنی نەوت و دامەزراندنی کەرتێکی پشەسازی بەهێزی دەوڵەتی، وە بەپانوپۆڕکردنی خزمەتگوزاریە دەوڵەتیەکان و تەئمینی تەندروستی و ....هتد. هاوڕای ئەمانە پەرەسەندنی خوێندگا و زانکۆکانە لە دەیەی شەستەکان و هەفتاکاندا کە توێژێکی بەربڵاو لە ڕۆشنبیران و خوێنکاران هەروەها دەزگایەکی پانوپۆڕ لە کارمەندانی دەوڵەتی دێنێتە ئاراوە.

**D-** جا بەهۆی سەرکوت و ئیستیبدادی سیاسی کە ڕێگرە لەوەی ڕەوتە سیاسییە جۆراوجۆرەکانی سەر بە چینە ئەسڵیەکان لەناو کۆمەڵگەدا بپشکوێن، پەرە بستێنن و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە مەیدانی سیاسەتدا دەرکەون و کۆمەڵگە بەدوری خۆیاندا قوتبەندی بکەن، بونی دەوڵەتێکی ئیستیبدادی مەرکەزی، نارەزایەتی هەمەلایەنەی زوربەی چین وتوێژەکان بەڕویدا سەرهەڵئەدا. بەم شێوەیە سیاسەت لە باروخۆخێکی ئاوادا، لەجیاتی ئەوەی ماناکەی تەوەرەبەستنی جەماوەر بێت بەدوری حیزب و ڕەوتە سیاسیە جیاجیاکان و کێشمەکێشی نێوان ئەو ڕەوتانە لەسەر زاڵ کردنی ئاسۆی خۆیان بەسەر کۆمەڵگە و لەو ڕێگەشەوە دەست ڕاگەیشتنیان بە دەسەڵاتی سیاسی، مانای سیاسەت دەبێتە تەوەرەبەستنی نارەزایەتی گشتی گەل بەدژی دام و دەزگایەکی سەرکوتگەری دەوڵەت. دو قوتبی دژ بەیەک دەردەکەون؛ لایەک گەلە و لاکەی تریشی ڕژێمێکی دڕندە و ملهوڕە کە لەڕوڵەتدا کەمتر کەرەکتەری چینایەتی پێوە دیارە. سیاسەت کردن لێرەدا مانای چاوکردنەوە و هەوڵدانە بۆ ڕاپەڕینی هەموو گەل و تێکشکاندنی ئەو دامودەزگا سەرکوتگەرە. لێرەوەیە کە بایەخی ڕۆشنبیر و گەنج و لاوانی خوێن گەرم و چاونەترس دێتە ئاراوە کە ژیانی خۆیان لەسەر لەپی دەست دادەنێن و ڕیسک بە مەرگ و ژیانی خۆیانەوە دەکەن.

ئەو توێژە بەرفراوانە لە خوێندکاران، لاوان و گەنجانی ڕۆشنبیر، وە کارمەندان کە دەوڵەت وەک بەندە و دەستوپێوەندی خۆی مامەڵەی دەکردن، ئەم توێژە وەکو چاو ساغ و نوێنەری گەل دژی دامودەزگای سەرکوتگەر دەردەکەوێت. بەڵێ ئەم توێژە لەو چرکە ساتە مێژوییەدا، لەو جێگەورێگە کۆمەڵایەتی-سیاسیە کەهەیەتی لە کۆمەڵگەدا وەک نوێنەری گەل، وەک ئۆپۆزیسیۆنێکی سیاسی چالاک و ژێر زەمینی، خۆی لە جۆرەها دەستە و تاقم و کۆڕ و کۆمەڵەی سیاسی جۆراوجۆری دژی ئیستیبدادی دەوڵەتیدا دەبینێتەوە. ئەرکی خۆی بەوە دەبینێتەوە کە وەک دینەمۆیەک بتوانێت گەل وەگەڕ بخات بۆ ڕاپەڕین. ئەوە بەگشتی ئەو ئاوهەوا فکری-سیاسی و چینایەتیە بو کە لە دەیەی هەفتاکان و سەرەتای هەشتاکاندا دەستە و تاقم و کۆڕوکۆمەڵە سیاسیەکان وەک قارچکی بەهار تیا هەڵدەتۆقێن و شکڵی تیا دەگرن.

**E-** بەڵام ئەوە کە بۆچی زوربەی ئەو کۆڕوکۆمەڵانە بەناوی مارکسیزمەوە دەدوێن دەگەڕێتەوە بۆ پێشڕەویەکی جیهانی بزوتنەوە ڕزگاریخوازە نیشتیمانیەکانی جیهان دژی ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوا و ڕۆڵ و دەوری حیزبە شوعیەکان و پشتیوانی لێکردنی ئوردوگای "سۆشیالیستی" لەو بزوتنەوانەدا لە چەشنی سەرکەوتنی شۆڕشی ڕزگاری نیشتیمانی چین، دواتر ڤیەتنام و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی خواروی ئاسیا. ئەنگۆلا و زیمبابۆ لە ئەفریقیا. کۆبا، شیلی و نیکاراگوا لە ئەمریکای لاتین.... و دەیان نمونەی تری چەشنی پەرەگرتنی چەپ لە تورکیای هەفتاکاندا و نفوز کردنی بۆ ناو سەندیکا کرێکاریەکانی ئەو وڵاتە، پەرەگرتنی باڵی چەپ لەناو بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی فلستین ...هتد، بەڕاددەیەک کە ئەو جۆرە لە "مارکسیزم"ی ڕزگاری نیشتیمانی و دژی ئیمپریالیزمی کردبوە مۆدەیەکی فکری لەو سەردەمەدا.

-F شایەنی باسە چەپی کوردستان ( و عێراق بەگشتی هەروەک چەپی زۆر شوێنی تری جیهان) لەو سەردەمەدا بەدوای پێناسەیەکدا دەگەڕا لە دەرەوەی مارکسیزمی ڕەسمی و ئۆردوگاییدا. ئەویش چونکە چەند ئاڵوگۆڕێک لە کۆتایی هەفتاکاندا لە بەرەی سۆشیالیزمە ئۆردوگاییەکاندا هاتبۆدی؛ لایەک چین وەک هێزێکی ئابوری مەزن لەبەردەم دەروازەی بازاڕ و بازرگانی جیهانیدا وەستابوو، کە بۆ مسۆگەرکردنی گەشەی ئابوری چین، دەبوا ئەو وڵاتە هەنگاو هەڵگرێت تا لەگەڵ بازاڕ و بازرگانی جیهانیدا ئینتیگرەبێت. بۆ ئەو مەبەستەش ئایدیۆژیای ئەنتی ئیمپریالیستی ئەو وڵاتە لای حیزبی کۆمۆنیستی چینیش کاڵ ببۆوە، مردنی ڕابەری شۆڕشی چین **مائۆ** 1976 فاکتۆرێکی پۆزێتیڤ بو لەو ڕاستایەدا. ماویزم وەک ئایدیۆلۆژیەکی ئەنتی ئیمپریالی و هاندەری چالاکی سیاسی تا دەهات بایەخی کەم دەبۆوە. ڕەخنەگرتن لە "**تیۆری سێ جیهان**"ی ماویزم تادەهات برەوی پەیدا دەکرد، ئەمە و لەلاکەی تریشەوە یەکیەتی سۆڤیەت تادەهات دزێوتر دەبو لەبەرامبەر ڕای گشتی جیهاندا و جیاوازی ئەو وڵاتە لە مامەڵەیدا لەگەڵ وڵاتانی کۆنەپەرست و ئیستیبدادی چەشنی ئیستیبدادی دەوڵەتی بەعس لەعێراقدا و بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی خۆی هیچ شتێکی ئەوتۆی کەمتر نەبو لە مامەڵەی بلۆکی ئیمپریالی ڕۆژئاوا بەسەرکردەیی ئەمریکا. وە زۆرێک لە حیزبە شوعیەکانی سەر بەو ئۆردوگایە وەک (حشع) ببونە کلک و خزمەتگوزاری ئەو دەوڵەتانەی کە پەیوەندی ئابوری و سیاسیان بە سۆڤیەتەوە باش بوو. بەم پێە هاوڕای پوکانەوەی ماویزم، کۆمۆنیزمی ڕوسی و ئۆردوگای سۆڤیەتیش ئیعتیبار و بەهاکانی خۆی لەدەستدابو. بۆیە چەپی کوردستان ( و عێراق هەروەک چەپی زۆر شوێنی تری جیهان) بەدوای پێناسەیەکدا دەگەڕا لە دەرەوەی مارکسیزمی ڕەسمی و ئۆردوگاییدا. کە ئەمە بنەمایەکی باش بو بۆ کاریگەری وەرگرتن لە چەپی ئێران کەدواتر دێمە سەر باسکردنی.

من ئەو سەردەمانەم بیردێت (کۆتایی هەفتاکان) کە خوێندکاری پۆلەکانی کۆتایی بوم لە کۆلێژی "ئابوری" لە زانکۆی بەغدا، بەشێک بوم لەو مەحفەلە مارکسیستە بێ ناو نیشانانە کە جۆرەها نوسراو بە کاربۆن کۆپیمان لەبەر دەگرتەوە و لە بەشی ناوخۆیی قوتابیان دەستاو دەستی دەکرد لە نێوانماندا، و شەوانە پۆل پۆل دادەنیشتین و دەبوە باس و دیالۆگێکی گەرم و زۆرجاریش دەبوە هەڵشاخان بەڕوی یەکتریدا. ئەمە لە کاتێکدا بو کە ئیستبداد لەو پەڕیدابو، هەرکەسێک بە بەیننامە یان وەرەقەیەکەوە بگیرایە سێدارە وەیا کوشتنی خۆی مسۆگەر کردبوو لە ژێر شکەنجەدا. وە گەلێک نمونەی لەو چەشنەش ڕویدا.

## 5- باڵ کێشانی "مارکسیزم" بەسەر کوردستاندا.

فاکتێکی تر لەو هەلومەرج و بارودۆخە فکریەی ئەو سەردەمەی کوردستان، هەرەسهێنانی بزوتنەوە چەکداریەکەی "پارتی" و بارزانی بو لە 1975، کە سەرقاپی فکری و سیاسی ڕابەرایەتی بنەماڵەیی و خێڵەکی بەسەر بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردا وەلانا بۆ ڕۆشنفکران و لاوانی ئازاد لە کوردستاندا. شەپۆلێک لە ڕۆشنفکران و کارمەندان، لە لاوان و خوێنکارانی کوردستان ڕویان هێنا بۆ مارکسیزم تا لەژێر ئاڵا و ناوی مارکسیزم-لینینیزمدا ستراتیژێک بۆ مەسەلەی "کورد و کوردستان" دابرێژن.

مەشغەڵەیەکی فکری-سیاسی و باس و لێکۆڵینەوەکانی ناو کۆڕوکۆمەڵەکانی ئەم "مارکسیست-لینینست"ە کوردستانیانە زۆر جیاواز بو لە باس و لێکۆڵینەوەکانی کۆڕوکۆمەڵەکانی تر کەلەسەرەوە باسمان کرد. گەرچی خاڵێکی هاوبەش هەمو ئەو دەستەوتاقم و کۆڕوکۆمەڵانەی کۆدەکردەوە کە ئەویش دژایەتی ئیستیبدای بەعس و هاندان و ڕێکخستنی نارەزایەتی بوو دژی ئەو ئیستیبدادە کە تادەهات بەرفراوانتر و قورستر دەبوو وەک مۆتەکەیەک بەسەر سینگی خەڵکیەوە.

## 6- چارەنوسی هەردو ڕێکخراوی ناسیونال-مارکسیستی کوردستانی.

### A. کۆمەڵەی مارکسی-لینینی کوردستان

زۆرێک لە مەشخەڵ بەدەستانی سەرهەڵدانەوەی بزوتنەوەی بەرگری نەتەوەیی و چەکدارانەی کوردستان، دوای هەرەسهێنانی بزوتنەوە چەکداریەکەی "پارتی" لە 1975، هەروەها سەرقافڵەی قوربانیانی سەرەتای وەرێخستنی ئەو بزوتنەوە بەرگریە نەتەوەییە چەکداریەش لە گیان بەخت کردوانی وەک (هاوڕێ ئارام، خاڵە شەهاب، جەعفەر و هاوڕێکانیان .... )، لە کادر و هەڵسوڕاوانی سەر بە (کۆمەڵەی مارکسی-لینینی کوردستان) بوون ، کە لە شاخ ناوەکەی گۆڕا بۆ (**کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان**).[بڕوانە کتێبی یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان دوێنێ، ئەمڕۆ و سبەی. عارف کەریم. ستۆکهۆڵم 2009]. دواتریش زیندانەکانی بەعس لە کۆتایی هەفتاکان و سەرەتای هەشتاکاندا پڕی بو لە لاوانی "مارکسیست-لینینیستی" کوردستانی.

بەڵێ لەگەڵ ئەم واقعە بەرجەستەیەشدا، بەڵام بزوتنەوەی کوردایەتی لەناوەڕۆکی خۆیدا زۆر لەوە زیاتر بەلای ڕاستڕەویدا وەرچەرخابوو کە باڵێکی چەپ بەناوی مارکسیزمەوە (بەم هەموو گیان لەخۆبردوویی و قوربانیدانەوە) لە ڕیزەکانی خۆیدا جێگە بکاتەوە، هەربۆیە باڵی "کوردستانی بون"ی ئەو چەپە مارکسیستە **(کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)** کە ئاسۆیەکی تەواو ناسیونالیستی هەبوو لە هەشتاکاندا خۆی کردە قوربانی ئاسۆکەی خۆی؛ ئاسۆی "کورد و کوردستان" و لە پێناو **"کوردایەتی"**دا لەناو بزوتنەوەی نەتەوایەتیدا (وە بەدیاری کراوی لەناو ڕیزەکانی **"یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان"**دا) خۆی تواندەوە، گەرچی بەشێک لە کادرەکانی ئەو ڕێکخراوە پەلەقاژەی سەربەخۆ مانەوەشیان کرد.

ئاسۆی توخی ناسیونالیست و بێ پەردەی ئەم باڵە "مارکسیست- لینینیستە" کوردستانیە، خاڵی هەرە ئەسڵی و سەرەکی بو لەهۆکارەکانی ئەوەی کە ئەم چارەنوسە ببینێ. هەروەها هەر ئەو ئاسۆ ناسیونالیستیە کوردپەروەریەش بو ڕێگەی پێنەدا ئەو هەمو دەستکەوتە مەزنە فکری و سیاسیانەی شۆڕشی ئێران 1979 لە هەناوی خۆیدا هەرس بکات، هەر وەک باڵەکەی تر( کە بە زمانێکی سوکایەتی پێکردن ئەوکاتە بە **"عێراقچی"** ناو دەبران) توانی ئەو دەسکەوتانە لە هەناوی خۆیدا هەرس بکات و گەشە و پەرە بەخۆی بدات لەسەر ئەو بنەمایە. (دواتر دێینە سەر ئەو باسە)

### B. تێکۆشانی ڕەنجدەرانی کوردستان.

باسێکی ئەسڵی ئەو سەردەمەیە (کۆتایی هەفتاکان و سەرەتای هەشتاکان) لەدەوری "کوردستانی بون"ی مارکسیزم-لینینیزم و "عێراقچیەتی" شوعیەکان تەوەرەی بەستبو. یادی بەخێر هاوڕێ "ڕەئوف کامل ئاکرەیی" کە یەکێکی بو لەو "مارکسیستە کوردستانیانە" بە خۆی و عەینەکە زەرەبینیەکەیەوە دەهات بۆ بەغدا، خۆی لە زانکۆی موصل لە کۆلێژی ئابوری بو لە ئێمە بە تەمەن تر و چەند کلاسێکیش لە پێش تر بو، خاوەن زانیاریەکی زۆر و دەرکێکی تیژ بوو، کەسێکی زۆر بەڕیز بوو. سەردانی ئێمەی دەکرد لە کۆلێژی ئابوری بەغدا و دەکەوتە دیالۆگ کردن لەگەڵماندا و هەوڵی ئەدا بەڵگە بهێنێتەوە کە لە ڕوی ئابوریەوە کوردستان هەرچوار پارچەکەی خاوەن ئابوریەکی هاوبەشی خۆیەتی وەک یەکێک لە پایەکانی نەتەوە بونی کورد و بەم پێیەش دوچینی سەرمایەدار و کرێکار لە سەراسەری کوردستاندا هەیە، وە لێرەوە دروست بونی حیزبێکی مارکسیستی سەرتاسەری کوردستانی بۆ کرێکارانی هەر چوار پارچەکەی کوردستان لێ بەدەست دەهێنا. بەڵام ئەو حیزبە مارکسیستەی ئەو ئەرکی ڕێکخستن و ڕابەرایەتی کردنی نارەزایەتی کرێکاران و شۆڕشی کۆمۆنیستی نەبو لە کوردستاندا بەڵکو ئەرکەکەی ئەوە بو کە بەناوی کرێکارانەوە وە بشتوانێ کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان کێشبکات بۆ بزوتنەوەی ڕزگاری نیشتیمانی چونکە کوردستان داگیر کراوە و قوناغی ئێستا قوناغی ڕزگاری و سەربەستی نەتەوەییە و پاش ئەوەی ئەم قوناغەمان بڕی ئەوسا نۆرەی کرێکارن و شۆڕشەکەی ئەوانیش دێت!. ئەو بەڕێزە دامەزرێنەرانی ڕێکخراوی **(تێکۆشانی ڕەنجدەرانی کوردستان)** بو لە ناوچەی بادینان، کە هەرچەندە سەرەتا نزیک بو لە "کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان" بەڵام هەر زوو لەگەڵ دەست پێکردنی گفتوگۆکانی "یەکیەتی" لەگەڵ حکومەتی بەعسدا لە 1983 جیاوازی کەوتە نێوانیانەوە. ڕێکخراوی **(تێکۆشانی ڕەنجدەرانی کوردستان)** هەم دژی ئەو گفتوگۆیە بوو هەم ڕەخنەشی لە ڕێکخراوی "کۆمەڵەی ڕەنجدەران" دەگرت کە کەمتر کوردستانی سەراسەری بیردەکەنەوە و زیاتر لۆکاڵی (کوردستانی عێراقی)ن. ئەم ناکۆکیانە سەری کێشا بەوەی کە **"ڕەئوف کامل ئاکرەیی"** بە قسەی هاوڕێ نزیکەکانی لە ڕێکخراوەکەی "ڕەئوف" کە بۆمنیان باس کردوە، بە فەرمانی **نەوشیروان** ماوەی چەند مانگێک لای یەکیەتی دەستبەسەر و بەجۆرێک زیندانی بوە. هەتا خودی **نەوشیروان** هەڕەشەی کوشتنیشی لێکردوە کە ئەگەر بێتو **ڕەئوف ئاکرەیی** هەوڵبدات (بەو بیروبۆچونانەی خۆیەوە) کاروچالاکی سیاسی (تێکدەرانە!) بکات لەناو ڕیزەکانی یەکیەتیدا. بۆیە ناچار دەبێت لە ناوەراستی هەشتاکاندا بەقاچاغ بگەڕێتەوە ناوشار و لەشارەکاندا کاری سیاسی ژێرزەمینی دەکات تا ڕاپەڕینەکەی بەهاری 1991 و کۆتابونی دەستی بەعس لە کوردستان و دەسەڵات گرتنی **"بەرەی کوردستانی"** بەسەر کوردستاندا. ئیتر هەم ڕێکخراوەکەی و هەم خۆشی بەشێوەیەکی نیمچە عەلەنی دەکەوێتە چالاکی سیاسی لە کوردستاندا.

لە کۆتایی ئاگوستی 1992 دا، بەدەست پێشکەری ڕێکخراوی **(تێکۆشانی ڕەنجدەرانی کوردستان)** و خودی شەخسی ڕەئوف ئاکرەیی، خۆپێشاندانێک لە هەولێر دەکرێت بۆ پشتیوانی خەڵکی ڕاپەڕیوی شاری **"شەرناخ"** لە کوردستانی تورکیا لە ساڵرۆژی یادی **"پەکەکە"**دا. ئاسایشی هەولێر بەفەرمانی **(خورشید شێرە)** بەرپرسی ئەوکاتە بۆ بڵاوە پێکردنی ئەم خۆپێشاندانە هەم بە تەقەکردن چەند کەسێک دەکوژن و هەم چەند کەسێک دەگرن لەوانە ڕەئوف کامل و ماوەی چوار مانگێک لەزینداندا

ئەمێنێتەوە تا لە کۆتایی ئەو ساڵەدا ئازاد ئەبێت و پاشان لە دهۆک لە کۆتایی ئایاری 1993، نزیک بە شەش مانگ دوای ئازاد کردنەکەی تیرۆر کرا وەک بەشێک لە هەڵمەتێکی گشتی ترۆر لەلایەن دەزگای پاراستنی "پارتی"ەوە بۆ بنەبڕکردنی چەپ و پاوەنکردنی بادینان بۆ "پارتی". ئەم هەڵمەتی ترۆرە جگە لە ترۆری هاوڕێ ڕەئوفی تێکۆشانی ڕەنجدەران، گەڵێک لایەنی تری گرتەوە لەوانە هاوڕێ **"نەزیر عومەر"** کادر و هەڵسوڕاوی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق، هاوڕێ **"ڕێناس"** کادری بەرجەستەی حیزبی زەحمەتکێشان. هەروەها لە حیزبی شوعی عێراقیش هاوڕێیان **"ئەبو نەسیر"** و **"یوسف تۆما شابۆ"** (کە بەداخەوە زانیاریەکی ئەوتۆم لەسەریان نیە).

بەترۆرکردنی ڕەئوف کامیل و گرتن و ڕاوەدونانی کادر و ئەندامان و لایەنگرانی ڕێکخراوی **(تێکۆشانی ڕەنجدەرانی کوردستان)**، ئەم ڕێکخراوە ئیتر ئەچێتە پرۆسەیەکی هێواشی مردنەوە، کە سەرەتا هەندێک لەکادرەکانی دادەنیشن و دەست لەکار دەکێشنەوە و پاشان کە هەروەک قاوغێک مابۆوە لە ساڵی 2004 دا بەشێکی پەیوەست دەبن بە "یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان" و هەندێک لە کادرەکانیش دەست لەچالاکی دەکێشنەوە. ئیتر لاپەڕەی کۆتایی ئەم ڕێکخراوە ماکسیستە کوردستانیەش دادەخرێت.

بەم شێوەیە هەروەک لەسەرەوە باسمان کرد بزوتنەوەی کوردایەتی خۆی ڕێگەی نەدا بە گەشە و پەرەسەندنی باڵێکی چەپ لەناوخۆیدا، بەڵکو ئەم باڵەی خنکاند و بەجۆرێک ترۆری کرد و ریزەکانی خۆی لەچەپ بون پاک کردەوە. نەک هەر ئەمەش ئەم بزوتنەوەیە ڕۆژ بەڕۆژ تادێت کۆنەپەرستیەت و گەندەڵی لە هەناوی خۆیدا پەرەپێدەدات.

شایەنی باسە چەپی کوردستانی تورکیاش **"پەکەکە"** کە بەناوی مارکسیزم، کرێکار و سۆشیالیزم دێتە ناو خەباتی سیاسی و چەکداریەوە، وە بەجۆرێکیش کاریگەری لەسەر چەپی ناسیونالیستی کوردستانی عێراق دادەنێت، بە بێ ئەوەی کە ڕوبەڕوی ڕەوتێکی ڕاستڕەوی نەتەوەیی بێتەوە لە کوردستانی تورکیا کە تروریان بکات و بیانخنکێنێت هەرومک "کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان" و ڕێکخراوی "تێکۆشانی ڕەنجدەرانی کوردستان" خنکێندران و ترۆرکران. لە پرۆسەیەکدا ئەم ڕێکخراوە "پەکەکە"، لەباری فکری و سیاسیەوە جێگەوڕێگەی "چەپ" بوون بەجێ دەهێڵێت.

## 7- "چەپ" بەمانای ڕەسەنی وشە، لەکوردستاندا.

بەڵام ئەو بەشەی تری چەپ لە کوردستاندا کە ئەو کاتە "کوردستانی" بیریان نەدەکردەوە ، ئاسۆیەکی دژی ئیستیبدادی دەوڵەتی مەرکەزی و لەهەمان کاتیشدا مەعتوف لەسەر مەسەلەی کرێکاران و زەحمەتکێشانیان هەبوو. بەو پێیەش کە ئیستیبدادی دەوڵەتی مەرکەزی لە کوردستاندا لەڕێگەی زوڵمی نەتەوەییەوە پیادە دەبو، ئاسۆ و تێڕوانینێک کە ئەم چەپە هەیبو بۆ بەرگری و بەگژاچونەوەی ئیستیبدادی دەوڵەتی مەرکەزی، سنورەکەی لەگەڵ ناسیونالیزمدا لە کوردستاندا زۆر ڕۆشن نەبو، هەربەو پێەش سنوری نێوان ئەو دوو جۆرە لە کۆروکۆمەڵە چەپیانە [مارکسیست-لینینیستە کوردستانیەکان و ئەم باڵەی تر کە کوردستانی نەبو] تێکەڵ پێکەڵ بو ئەفرادەکان جێگۆڕکەیان دەکرد لەنێوان ئەو دوو جۆرە دەستەوتاقمانەدا، بەڵام خاڵی سەرەکی جیاکەرەوە ئەوەبو کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئاسۆی ئەم باڵەی ترلە چەپی کوردستان ئاسۆیەکی ناسیونالیستی نەبوو وەک ئاسۆی ڕاستەوخۆ ناسیونالیستی (کۆمەڵەی مارکسی-لینینی کوردستان یان کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان) و ڕێکخراوی (تێکۆشانی ڕەنجدەرانی کوردستان). هەر ئەم سەربەخۆییەش بو لە ئاسۆی ناسیونالیزمی کورد کە ئەم باڵە توانی لەسەر پای خۆی بوەستێت و گەشە بەخۆی بدات، لە کاتێکدا کە باڵەکەی تر بو بە قوربانی لە پێناو ئەو ئاسۆ ناسیونالیستیەدا.

بۆیە کاتێک لە کوردستاندا باس لە بزوتنەوەیەک دەکەین بەناوی "چەپ" مەبەستمان ئەو بزوتنەوەیە کە ڕاستەوخۆ "کورد و کوردستان"، "کوردایەتی" و "کورپەروەری" ئاسۆکەی نەبوە. واتا مەسەلەی نەتەوایەتی کورد ڕاستەوخۆ تەوەرەی کار و چالاکیە سیاسی و ڕێکخراوەییەکانی پێک نەهێناوە. ئاڵای کوردایەتی ئاڵای ئەم چەپە نەبوە، بەڵکو لەبەرامبەر ساتوسەودا و مامەڵەکاری حیزبە کوردستانیەکاندا لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی بەناوی مفاوەزاتەوە، هەردەم باس کردن لە "چینی کرێکاری عێراق" و پەرەپێدان بە ڕادیکالیزمەی دژایەتی ئیستیبدادی دەوڵەت و ڕوخاندنی ڕژێمی بەعس و دامەزراندنی جمهوریەتێکی گەلی ئاڵاکەی بوو. بەرجەستەترین نمونەی ئەو دەورانە شکڵگیری چەند دەستەو مەحفەلێکی مارکسیستی کۆتایی ساڵانی هەفتاکانە کە لە دەستە و ئەڵقە کوردستانیەکان جیا دەبنەوە و دواتر لە ڕێکخراوێکدا خۆی ڕادەگەێنێت لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی بیستدا بەناوی **"کارگەران"**ەوە. کە کورتکراوەی ڕێکخراوی **[یەکیەتی تێکۆشانی کارگەران]** بوو. شایەنی باسە هەر

لەو سەردەمەدا چەندین دەستە و ڕێکخراوی تری ترۆتسکیانە هەبوون کە باسیان لە سەرمایەدار بونی عێراق دەکرد و بەم پێەش شۆڕشی سۆشیالیستیان ئاکام دەگرت لەوانە **"کار"** و **"خەباتی سور"**. [یادی بەخێر هاوڕێ **وەهاب** (ناسراو بە **"نەبەزی خەباتی سور"** کە لە کۆلێژی **"قانون و سیاسەت"** بو چەندین نوسراو ونامێلکەی دەستخەتی بۆ دەهێنام کە ئەوسا لەبەر نهێنی کاری ناویان لەسەر نەبو. دواتر دەرکەوت لە ڕێکخراوی "خەباتی سورە" و لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا گیرا و لەژێر شکەنجەدا گیانی لەدەستدا. بەداخەوە زانیاری زیاترم نە لەسەر خۆی و نە لەسەر ڕێکخراوەکەی لەبەردەستدا نیە]. هەروەها گەڵێک لەو

دەستەو. کۆڕوکۆمەڵانە دواتر لەژێر ناوی ڕێکخراوەیی جیاجیادا کاریان کردوە بەتاییەت لە ناوەڕاستی هەشتاکان بەدواوە کە دەسەڵاتی بەعس لاواز بوو وە ناڕەزایەتی خوێندکارانی کوردستانی بەتاییەت لەزانکۆکاندا پەرەدەستێنێ و دەبێتە بنەمای شکڵگیری جۆرەها گروپ و کۆڕوکۆمەڵی فکری سیاسی مارکسیستی لە شارەکانی کوردستاندا. ئەمانە ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕن هەم لە ڕاپەڕینی 1991 و هەم لە بزوتنەوەی شۆرایی سەردەمی ڕاپەڕینی ئەو ڕاپەڕینە و پاشانیش لە ڕاگەیاندن و بەشداری لە پێکهێنانی (حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق)دا. لایەک ئێرە جێگەی ئەوە نیە کە چاو بەهەموو ئەو کۆڕوکۆمەڵ و گروپانەدا بخشێنینەوە وە لەلایەکی تریشەوە من زانیاری تەواوم لەسەریان نیە. [ئەوە کارێکە ئەبێ لە دوتوێی نوسینەوەی مێژووی چەپ لە کوردستاندا، ئەنجام بدرێت].

پەرەپێدان و وروژاندنی ناڕەزایەتیەکانی خوێندکاران و لاساری و مل نەدانیان بە فەرمانەکانی حیزبی بەعس لە خوێندگاکان و زانکۆکاندا [مل نەدان بە "بەعسی" کردنی زۆرە ملێی، بە جەیشی شەعبی و ڕاکردن لە تەجنیدی ئیجباری ،....]، پەرەپێدان و بەهێزکردنی ناڕەزایەتیە جەماوەریەکان بەتایبەت لەناو شارەکان و ئۆردوگا زۆرەملێکاندا شێوەکاری خەباتی ئەم چەپە بوو بەپلەی یەکەم.

## چەپی کوردستان و مەزنترین تەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

<u>فاکتۆری هەرە گرینگ لە شکڵگیری ڕوخساری فکری و سیاسی چەپی کوردستانی عێراقدا شۆڕشی 1979ی ئێرانە</u>، ئەو شۆڕشە مەزنترین تەکانی کۆمەڵایەتی-سیاسی و فکری بو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستا لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا. کاریگەریە سیاسی و فکریەکانی ئەم شۆڕشە نەک هەربەسەر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەڵکو بەسەر تەواوی جیهاندا ڕەنگی دایەوە. لەجەرگەی ئەم شۆڕشەدا هەم دژە شۆڕشی ڕەوتی ئیسلامی سیاسی شکڵی گرت، دەسەڵاتی گرتەدەست و بو بە پایەگای ئیسلامی سیاسی لە جیهان و بەهێزکردنی ڕەوەندی تڕۆریزم لە جیهاندا، وە هەم چەپ و مارکسیزم لە هەناوی ئەم شۆڕشەدا، سەرباری کوشتارگایەکی بەرفراوانی کۆمۆنیستەکانی ئێران لەلایەن جمهوری ئیسلامیەوە، لە پرۆسەیەکی خۆپاڵاوتندا شکڵی گرت و شکۆمەندانە خۆی ڕاگەیاند و کاریگەریەکانی خۆشی خستەدەرەوەی چوارچێوەی ئێرانیش.

### A- شۆڕشی ئێران و پەیامی چەپی کوردستان.

ئەم شۆڕشە وەک سومبولی ڕاپەڕینی جەماوەر و ژێرەوژورکردنی تەختوتاراجی ڕژێمێکی ئیستیبدادی، پۆلیسی و سەرکوتگەر، لە خودی خۆیدا بۆ چەپی کوردستانی عێراق ڕاست و ڕەوابونی خۆی تیا ئەبینیەوە کە ڕۆژێک دادێت جەماوەری عێراقیش وەکو جەماوەری ئێران ڕادەپەرن، شۆڕش دەکەن و تەختوتاراجی ڕژێمی سەرکوتگەری بەعس و سەدام حسێن هەڵدەتەکێنن. لێرەوە شۆڕشی ئێران، وەک بزوێنەرێکی ڕوحی و مەعنەوی، نهێنی و نادیار، بوە هۆی بەهێزبونی باوەڕ بە ڕەوایی پەیامەکەی چەپی کوردستانی عێراق و ئومێد بە حەتمیەتی سەرککەوتنی ئەو پەیامە، بوە هۆی هێنانەدی شۆروشەوق و خرۆشان بۆ چالاکی سیاسی، لەناو ریزەکانی ئەم چەپەدا، وە بەدیاری کراوی لە ڕیزەکانی ڕێکخراوی "کارگەران"دا.

هەر ئەم عاشق بوونە بوو بە شۆڕشی ئێران کە وایکرد ئەم ڕێکخراوە هەر زوو لەسەرەتای هەشتاکاندا پەیوەندی بە چەپی ئێرانەوە وە بەدیاری کراوی بە **"کۆمەڵە"**ی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانەوە بکات.

### B- "ڕەوتی کۆمۆنیست" و مارکسیزمی شۆڕشگێر

بەڵام جیا لەوە، کاریگەریە فکری و سیاسیەکانی شۆڕشی ئێران ڕاستەوخۆش لەڕێگەی گروپ و حیزبە چەپەکانەوە، وە بەدیاری کراویش بەشێوەیەکی سەرەکی لەڕێگەی "کۆمەڵە"ی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانەوە گواسترایەوە بۆ چەپی

کوردستانی عێراق و پاشانیش بۆ عێراق بەگشتی. باسە تیۆری و سیاسیەکانی چەپی ئێران، کە بەشێکی ڕەخنە بوو لە "پۆپۆلیزم"، لە "ئەفسانەی بورژوازی نیشتیمانپەروەر و شۆڕشگێر"، پێداگرتن لەسەر "سەرمایەدار بونی کۆمەڵگە" و "خەباتی چینایەتی"، و "بزوتنەوەی کرێکاری" و ....هتد و لەڕێگەشیانەوە زیندوکردنەوەی تیۆری مارکسیزم بوو وەک چەکێکی تیژی ڕەخنە گرتن بەناوی "مارکسیزمی شۆڕشگێر". پەرەگرتن و بەربڵاوبونی داوێنی ئەم باسانە لە ناو چەپی سەرەتای هەشتاکانی کوردستانی عێراقدا، بنجوبناوانی فکری و سیاسی ئەم چەپەی کوردستانی عێراقی لە ڕێشەوە گۆڕی.

چەپێک کە تازە لەسەرەتای شکڵگیری خۆیدا بو، هێشتا خاوەن تیۆری خۆی نەبو ، وە بەدوای پێناسەکردنی فکری-سیاسی خۆیەوە بوو لەدەرەوەی مارکسیزمی ئۆردوگایی هەروەک لەسەرەوە باسمان کرد، چەپی ئێرانی کردە سومبولی فکر و سیاسەتی خۆی، کردیە پێناسە و ناسنامەی خۆی.

من ئەو دەورانەم بیردێت کە چۆن بە ئیشتیاقەوە بەدوای نامێلکە و گۆڤار و وتاری ڕێکخراوە و حیزبەکانی چەپی ئێراندا هەڵپەمان دەکرد و لە فارسیەو وەرمان دەگێڕانە سەر زمانی کوردی، کە من خۆم یەکێک بوم لەوانەی چەند وتار و نامێلکە و بابەتم گۆڕیە سەر زمانی کوردی و ئەوکاتە توانای چاپ و بڵاوکردنەوە زۆر بەرتەسک بوو بۆیە بەکاربۆن کۆپیمان لەبەر دەنوسینەوە و دەستاو دەست بڵاومان دەکردنەوە.

هاتنەدەروەی سەرکەوتوانەی ڕێکخراوی **"ڕەوتی کۆمۆنیست"** 1984 لە هەناوی ڕێکخراوی **"کارگەران"**دا، پاش قەیرانێکی فکری-سیاسی و ڕێکخراوەیی، وە لەپرۆسەیەکی ڕەخنەگرانەدا، مۆرلێدانی ئەو "مارکسیزمە شۆڕشگێر"ە بوو لە چەپی کوردستان و بوش بە سەرەتای سەردەمێکی تازە لە ژیانی ئەو چەپە.

هەژمونی "مارکسیزمی شۆڕشگێر" بەسەر چەپی کوردستانی عێراقدا لە ناوەڕاستی هەشتاکان بەدواوە، ئەو ئەڵقە بوو کە چارەنوسی فکری و سیاسی ئەم چەپەی بەیەکجاری پەیوەست کرد بە چارەنوسی چەپی ئێرانەوە. هەر ئەمەش بو کە دواتر لە سەرەتای نەوەتەکاندا (وە بەدیاری کراوی دوای ڕاپەڕینی ئازاری 1991) ڕێگەی خۆشکرد بۆ جێکەوتنی باسەکانی **"کۆمۆنیزمی کرێکاری"**، لەناو چەپی کوردستانی عێراقدا، کە بوە هۆی ئەوەی سەرلەنوێ ڕوخساری فکر- سیاسی چەپی کوردستانی عێراق لەسەر وێنەی چەپی ئێران، جارێکی تر دابڕێژرێتەوە.

شایەنی باسە کە هەردوو ڕێکخراوی "کارگەران" و "ڕەوتی کۆمۆنیست" شادەماری چەپی هەشتاکانیان پێک دەهێنا، و لەبەراورد بە گروپ و ڕێکخراوەکانی تردا چ لەباری کاری ڕێکخراوەیی و چالاکی سیاسیەوە وەچ لەباری تیۆریەوە دەستی باڵایان هەبوو، بۆیە لە باسکردن و هەڵسەنگاندنی ئەو سەردەمەی چەپدا، گەرانەوە بۆ سەر ئەو دوو ڕێکخراوە جێگەی بایەخە.

### C- ڕاپەڕینی بەهاری 1991 و شۆراکان.

بەر لەڕاپەڕینی بەهاری 1991 سێ (3) فاکت لە هەشتاندا ڕۆڵیان هەبو هەم لە ڕۆشن بونەوەی سنوری نێون ناسیونالیزم و چەپ لەکوردستاندا و هەم ڕۆڵی خۆشیان بینی لە پەرەدان و بەهێزبونی چەپی کوردستان، وە ئەوەی کە لێرەشدا جێگە مەبەستی ئێمەیە ئەوەیە کە لەسەر شانی ئەو سێ فاکتەوەیە کە چەپی کوردستان ئەچێتە ناو ڕاپەرینەکە و هەوڵی بەرێخستنی بزوتنەوەیەکی شۆرایی دەدات تیایدا.

**یەکەمین فاکت** ئەوەبوو، ئەوانەی کە ناسرابون بە باڵی **"عێراقچی"** هەرزو لەسەرەتای هەشتاکاندا تەنگیان پێهەڵچنرا و ناچارکران کە ڕیزەکانی پێشمەرگایەتی و **"یەکیەتی"** بەجێبهێڵن، لەوانە کەسانی سەربەخۆی مارکسیست (وەک من و خاڵە عەبدە و دەیانی وەک ئێمە)، یان لایەنگری ڕێکخراوە چەپەکانی وەک **"کارگەران"**، وەیان **"باڵی عێراقچی"** ناو خودی کۆمەڵەی ڕەنجدەران، کە بەهۆی ناکۆکیە دەرونیەکانی ناو "کۆمەڵەی ڕەنجدەران" کەلایەک باسکردن لە مارکسیزم و لایەک دەستگرتن بە بزوتنەوەی نەتەوایەتیەوە، هەم ئەفراد و هەم کۆڕوکۆمەڵی عێرقی بیرکەرەوە، لە ماوەی زەمەنی جیاجیادا لەدووتوێی ئەم ناکۆکیەدا سەریان دەردەهێنا [ بەڕێز **نەجمەدینی فەقێ عەبدوڵڵا** کە من لە پێشمەرگایەتی لە ساڵی **1982** لە ناوچەی **"ناوزەنگ"**ی "سەرکردایەتی یەکیەتی" چەند جارێک بینیم و دواجاریش لە هاوینی 1983 لەشارۆچکەی **"مەرگە"** بینیم کە ئەوکاتە ناوچەیەکی ئازادکراو بو، هەردوکمان وازمان لە پێشمەرگایەتی "یەکیەتی" هێنابوو. ئەو بەڕێزە باسی تەنگ پێهەڵچنین و جۆرێک لەهەڕەشە و ڕاونانی دەکرد.. ئەو دامەزرێنەری ڕێکخراوی **"بەرزە"** بوو ].

ئەم پاککردنەوانەی ڕیزەکانی "یەکیەتی" لە "عێراقچیەکان" لەپرۆسەیەکدا ئەو ڕوانگە و تێڕوانینەی چەپی گۆڕی کەباوبو لەو سەردەمەدا لەناو چەپەکانی ئەوکاتەدا کە دەوترا، بە پێچەوانەی بزوتنەوە چەکداریەکەی "پارتی" کە سەری بە دەزگای سیخوڕی ساواکی ئێران و سی ئای ئەی (C.I.A) ئەمریکیەوە بەسترابوو، بزوتنەوەی چەکداری ئەمجارە کە "یەکیەتی" ڕابەرایەتی دەکات و "کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی" تیایە، بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێرانەی سەبەخۆیە و جێگەی پشتیوانیە لەلایەن مارکسیستەکانەوە، دژایەتی کردنی بەکردەوەی مارکسیستەکان لەلایەن "یەکیەتی"یەوە ئەم بۆچون و ڕوانگەی چەپی گۆڕی. چەپ ناچار بوو واقع چۆنە وەک خۆی ببینێ، لە دژایەتی کردنی ناسیونالیزم بۆ چەپ، کۆنەپەرستیەتی بزوتنەوەی ناسیونالیستی دەرک پێبکات.

**دوەم فاکت** ئەوەبوو کە کەسانێکی زۆر لە مارکسیست- لینینیستە کوردستانیەکان فرسەتی ئەوەیان بۆ ڕەخسابو کە لەنزیکەوە ئاگاداری "کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان" بن لەدەرەوە لە شاخ، چ وەک سەربازی هەڵاتوو لە دێهاتەکان و چ ئەوانەش بە ئیش و کاری حیزبی و سیاسی دەچونە شاخ بە دزیەوە و دەگەڕانەوە ناوشار، یان ئەوانەی کە لە پێشمەرگایەتی دادەنیشتن و دەگەڕانەوە ناو شارەکان باسی ئەوەیان دەکرد کە ئەوەی لەناو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵەدا لەناو شارەکاندا باس لە مارکسیزم، کۆمۆنیزم و کرێکار ئەکرێت لە دەرەوە و لە شاخ مەسەلەیەک نیە ناوی هەبێت و شتێکی ئاوا لەئارادا نیە. ئەمەش ئەبوە هۆی ئەوەی کە سەمپاتی کۆڕوکۆمەڵە و دەستەوتاقمە مارکسیستەکان لەناو شارەکانی کوردستاندا بۆ ڕێکخراوە چەپەکانی ناوشار بەهێز بێت و ئاوات و ئومێدیان بە "شاخ" کەم بێتەوە کە مارکسیزم پەرە پێبدات.

**سێهەمین فاکت** ئەوەبو کە لەدوا ساڵەکانی پێش تەواو بوونی شەڕی ئێران-عێراق 1980-1988، ڕژێمی بەعس نەک هەر گوندە سەرسنوریەکانی کوردستان بەڵکو کەوتە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی، ئەنفال کردن، ڕوخاندن و وێرانکردنی شار و شاوۆچکە (قەزا و ناحیە) سەر سنوریەکان، و هەتا گوندەکانی دەوبری هەولێر و کەرکوکیش، بەمەش خەڵکێکی زۆری لە ئۆردوگا زۆرەملێکاندا کۆکردبۆوە و ناڕەزایەتیەکی زۆری بەدژی ئەم وەحشی گەریەتی و دڕندەیەتیەی بەعس و زوڵم و زۆری جاش و پیاوانی ڕژێم و حیزبی بەعس هێنابوە ئاراوە، وە لەلایەکی تریشەوە جموجوڵ و چالاکی پێشمەرگەی زۆر سنوردار کردبۆوە کە ئیتر خەڵکی ئومێدیان بە ڕزگاربوون لەڕێگەی هێزی پێشمەرگەوە، کە لەشاخەوە بێت ئەوان ڕزگار بکات، تادەهات کاڵ دەبۆوە، و بۆ ڕزگاربون لەم وەزعیەتە ئەبوا پشت ببەستن بە هێنانە مەیدانی هێزی خۆیان دژی ڕژێمی بەعس، ئەم ئاگاهیە سیاسیەی جەماوەری کوردستان بەرهەمێکی سروشتی ئەو ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتی، سیاسی و عەسکەریانەش بوو [لە نێوان سوپای عێراق و هێزی پێشمەرگەدا] کە ڕژێمی بەعس لە کوردستاندا هێنابونیە ئاراوە.

لە بارودۆخێکی فکری و سیاسی ئاوادا بوو کە راپەڕینی سەرەتای ئازاری 1991 لە شار و شارۆچکەکان و لە ئۆردوگا زۆرەمێکاندا سەری هەڵدا و بزوتنەوەی ڕادیکالیزمەی جەماوەری زەحمەتێکشیانی کوردستان وەک بزوتنەوەیەکی تەریب و نامۆ بە بزوتنەوەی ناسیونالیستی خۆی دەرخست و هاتەمەیدان. چەپەکان بە هەمو گروپ و دەستەوتاقمەکانیانەوە خەریکی ڕێکخستنی بون لە شۆراکاندا. ناسیونالیزم و بەتایبەت **"بەرەی کوردستانی"** حیزبە ناسیونالیستەکانی ئەو کاتە زۆر حەساس و ناڕەحەت بون هەم بەو بزوتنەوە ڕادیکالیزمە جەماوەریە لە دەرەوەی ناسیونالیزم و هەم بە چالاکی و هەڵسوڕانی گروپە چەپەکان.

ئەوەی گیرینگە لێرەدا ئەوەیە کە **"ڕاپەڕین"**، چوار خاڵی پڕ بایەخی بۆ چەپ بەدەستهێنا. **یەکەم** ئەوە کە چەپ ئەو زەمینەیەی بۆ ڕەخسا کە گەشەی تیا بکات. **دوەم** خۆی داسەپێنێت بەسەر ناسیونالیزمدا کە هێزێکە لە کوردستاندا و پێی خۆشبێ یان ناخۆشبێ ئەبێ دان بە بونیدا بنێت ببەتایبەت بە دەست پێشکەری **"ڕەوتی کۆمۆنیست"** بۆ کردنەوەی بارەگای هێزی پێشمەرگە و بەرگری کردنی چەکدارانە لەخۆ. **سێهەم** پاڵی نا بەچەپەوە کە هەوڵی هێنانەدی جۆرێک لە یەکیەتی بدات، کە پاشان خۆی لە (حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق)دا بینییەوە.

**چوارەم**، سەرەڕای ئەم بایەخەی ڕاپەڕین بۆ چەپ، ڕاپەڕین دەرخەری ئەو ڕاستیەش بوو کە چەپ دەستەوستانە و لەو ئاستەدا نیە کە بتوانێت ڕێکخەر و ڕابەری ئەم بزوتنەوە جەماوەریە ڕادیکالە بێ و پەرەی پێبدات و لەم ڕێگەیەشەوە بتوانێ مەیدان لە بزوتنەوەی ناسیونالیزم تەنگەربەر بکاتەوە و ڕێگەنەدات بە هەژمونی "بەرەی کوردستانی" حیزبە ناسیونالیستەکان بەسەر چارەنوسی کۆمەڵگەی کوردستاندا. سێ خاڵی بەهێزی سەرەوە بەجۆرێک هاتنەدی و باڵابونێکی بە چەپ کرد، بەڵام خاڵی چوارەم، ئەم خاڵە لاوازەی چەپ لەو ئەزمونەدا تا ئێستا پیاچونەوەی جدی بۆ نەکراوە و هەرس نەبوە لەناو چەپدا. خودی ئەم

دەستەوستانیە (عەجز)ە سیاسیە، بنەمای قەلەڕ و کۆچ و ڕەوی کادرەکانی ئەو بزوتنەوە و ملنایان بوو بەرەو ئەوروپا و هەندەران، هەتا بەر لە پێکهێنانی حیزبیش، کەدواتر لە سەر بنەمای دەستەوستانی سیاسی ئەم حیزبەکەش، بوو بە دیاردەیەکی بەرچاو و گشتی بەر لە پەلاماری چەکداری و خوێناوی "یەکیەتی" بۆ سەر بارەگاکانی حیزب لەشاری سلێمانی، لە هاوینی ساڵی 2000 دا. بەدوای ئەم پەلامارە خوێناویەشدا ئیتر چەپ لاکەوتە ئەبێ و ئەچێتە پەراوێزی کۆمەڵگەی کوردستانەوە. ئەمە حاڵەتێکە لەوساوە تا ئێستا هەر بەردەوامە.

## D- <u>چەپی کوردستان؛ ئەلگۆیەکی تایبەت و دیاریکراو لە "کۆمۆنیزمی کرێکاری"</u>

کاریگەری وەرگرتن لە چەپی ئێران هەر لەسەرەتای هەشتاکانەوە پێشڕەوی و باڵاکردنێکی فکری و سیاسی بۆ چەپی کوردستانی عێراقی بەدوای خۆیداهێنا و لە سەرەتای نەوەتەکانی سەدەی بیستەمیشدا لەژێر ئیتۆریتەی "حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران" بەتایبەت ئیتۆریتەی ڕابەری ئەو کاتەی ئەو حیزبە هاوڕێ مەنسور حیکمەت، زوربەی گروپ، دەستە و تاقمەکانی ئەو چەپە، لە ڕێکخراوێکی بەرفراواندا کۆکرایەوە (1993) بە ناوی (حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق). ئەڵێین "کۆکرانەوە" نەک پێکهێنانی حیزبێکی واقعی، چونکە نزیک بە دە (10) ساڵی یەکەمی ژیانی ناوخۆی ئەو "حیزب"ە زیاتر لەو گوێنیە پەتاتەیە دەچو کە مارکس باسی پێ لە جوتیارانی فەرەنسا دەکرد، کە هیچ کامێکیان نەیدەتوانی لە گەڵ ئەوی تەنیشتیدا تێکەڵ بێت، ئاوێتەیەک و یەکەیەکی یەکگرتوی تازە پێک بهێنن.

بەڵێ گەرچی چەپی ئێران بوە هۆی بەهێزبون، پێشڕەوی وباڵاکردنێکی فکری و سیاسی بۆ چەپی کوردستانی عێراق، <u>بەڵام ئەم چەپە وەک منالێی ساوا هێشتا لە مەمکی دایکی نەبڕاوە و نەکەوتوتە سەرپێی خۆی. نەیتوانیوە تیۆریسن، ڕابەری خاوەن کاریزما و ئیتۆریتەی فکری و سیاسی خۆی بێنێتە سەر شانۆی سیاسی کوردستان (و عێراقیش بەگشتی)</u>. گەرچی لە سەردەمی مارکسیزمی شۆڕشگێردا، لە کۆتایی هەشتاکان و بەتایبەت لە "ڕاپەڕین"دا ڕێکخراوی "ڕەوتی کۆمۆنیست" توانایەکی لەو مەیدانەدا لەخۆی نیشاندا بەڵام لە نەوەتەکاندا و دوای پێکهێنانی "حیزب"، بە هۆی ئاڵوگۆڕ لە بارودۆخی سیاسی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە بەپلەی یەکەم کە <u>جۆرێکی تر لە ڕابەر و تیۆریسنی دەخواست</u> جیا لەو جۆرە لە ڕابەر و تیۆرسنی ساڵانی هەشتاکان، وە هەلومەرجێکی ناوخۆی ئەو حیزبە بەپلەی دوەم، ئەو توانایانە نە پشکوتن و دامرکانەوە.

گەرچی هەمیشە مەیل و ڕەوەندێکی فکری-سیاسی ناو ئەم چەپە ڕوو بە کرێکار و بزوتنەوەی کرێکاری بوو لە کوردستاندا، بەڵام خۆی لەو ئاستە لە پەڕەسەندوویی و ڕۆشنی فکری سیاسیدا نەبوو کە مۆری خۆی لە چەپ بدات، هەر بۆیە بە دوای پێکهێنانی حککع دا سروشتی زاڵ بەسەر ئەو حیزب و بزوتنەوەیەدا پاش وروژمێکی لاوان و ڕۆشنیرانی مۆدێرنیەت خواز، ئازادیخواز، کە خوازیاری جیهانێکی باشتر بوون، بۆ ناو ڕیزەکانی ئەو حیزبە لەدەیەی نەوەتەکانی سەدەی بیستدا، ئەو حیزبە وەک ئەلگۆی ئەو ڕادیکالیزمەیە بەرجەستە ئەبێتەوە.

وە لەلایەکی ترەوە چەپی ئێران کە خۆی خاوەنی تیۆری و باسەکانی **مارکسیزمی شۆڕشگێر** و **کۆمۆنیزمی کرێکاری** بو بە هۆی سەرکوتی سیاسی و بارودۆخی خنکێنەری ئیستیبدادی جمهوری ئیسلامی، ڕەتێندرابو بۆ سەر سنورەکان و بۆ هەندەران بۆ ئەوروپا، نە هەلێکی ئەوتۆی بۆ ڕەخسا و نە هەوڵەکانی خۆشی بۆ پەیوەستبون بە کۆمەڵگە و بە بزوتنەوە نارەزایەتیە کرێکاری و جەماوەریەکانی ناوخۆی ئێران بە ئاکامێکی سەرکەوتوانە گەیشیت. بۆیە وەکو کۆمۆنیزمی کۆنە هەڵسوڕاوانێکی سیاسی لە ئۆردوگاکانی پێشمەرگایەتی و لە تاراوگە لە وڵاتانی بیانی مایەوە. بەڵام بەدوای ڕاپەڕینی بەهاری 1991 ی کوردستانی عێراقدا کە دەسەڵاتی دەوڵەتی بەعس لە کوردستان هەڵپێچرا، وە بەهۆی هەڵواسراوی چارەنوسی کوردستان و دەسەڵاتی لەرزۆک و ناجێگیری هێزەکانی ناسیونالیزمی کورد و ناکۆکیەکانی نێوانیان هەمیشە پەراوێزێکی نیمچە عەلەنی بون و فەزایەکی نیمچە ئاوەڵای سیاسی بۆ کاروچالاکی سیاسی چەپی کوردستانی عێراق لە ئارادا بو. بەم شێوەیە ئەو تیۆریانە **"کۆمۆنیزمی کرێکاری"** لەسەر زەمینەێکی تر کە بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی ڕادیکاڵی ڕۆشنبیران، لاوان و خوێندکارانی کوردستانی عێراقە، نەک لەو سەرزەمینەی بزوتنەوەی کرێکاری و (شۆڕشی ئێران) کە ئەزمونەکەی ئەو تیۆریانەی لێ بەدەستهاتوە، فرسەتی ئەوەی بۆ هاتە پێش کە ڕاسەوخۆ مامەڵەی کۆمەڵگە بکات.

ئێمەی چەپ لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقدا تێکەڵەیەک بووین لە تیۆریەکانی چەپی ئێران و بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی ڕادیکالیزمەی دژی ئیستیبداد و مۆدێرنخواز و ئازادی خواز لە واقعی کۆمەڵایەتی سیاسی کوردستاندا، بەم مانایە

لەرێگەی موتوربەکردنی بزوتنەوەیەکی چەپی رادیکاڵی ناکرێکاری لە کوردستانی عێراقدا بە تیۆری و باسەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری چەپی ئێران، جۆرێکی دیارکراو، ئەلگۆیەکی تایبەت لە "کۆمۆنیزمێکی کرێکاری" کوردستانی (و عێراقی) پاشەکەوت بوو. (هەروەک لەناو چەپی ئێرانیشدا، لە غیابی لێک هەڵپێکانی باسەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری بە بزوینەوەیەکی واقعی کۆمەڵایەتی کرێکاری لە ئێران، چەند جۆر باڵ و ئەلگۆی جیاجیای کۆمۆنیزمی کرێکاری هاتەئاراوە).

ئەم جۆرە لە کۆمۆنیزم خاڵێکی درەخشان بو لە ئاسمانی کوردستاندا، بەرهەم و دەسکەوتێکی مەزن و بەنرخ بو لەمێژوی نەک هەرچەپی کوردستان بەلکو هی عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشا، بەتایبەت لەسەردەمانێکدا کە تەواوی بورژوازی جیهان هەلهەلەی مەرگی کۆمۆنیزم و مارکسیزمیان لێدەدا لە کوردستاندا ئاڵای کۆمۆنیزم، کرێکار و مارکسیزم بەرزکرایەوە، سەربەخۆیی کوردستانی وەک ڕێگە چارەیەکی سیاسی بۆ مەسەلەی کورد لە دەیەی نەوەتەکانی سەدەی بیستدا ڕاگەیاند، ئاسۆ و ئەلگۆیەکی تری خستە بەردەم کۆمەڵگە جیا لەوەی کە تا ئێستا ناسیونالیزم بەسەر کۆمەڵگەی دا داسەپاند بوو....هتد.

بەڵام لەسەر زەمینی کوردستاندا و لە ئەزمونێکی سیاسی عەمەلیدا ئەم ئەلگۆیە لە کۆمۆنیزم بە نەزۆکی هاتەدەرەوە. لە دوتوێی ئەو شادمانی و سەروەریەدا کە "حیزب" پێکهات و کەوتەبەر لێشاوی ڕادیکالیزمەی لاوان، خوێندکاران و ڕۆشنبیرانی تینوی ئازادی و مۆدێرنیەت، خاڵە لاوازەکانی چەپ شاردرانەوە و نەیتوانی ئاڵوگۆڕێکی کۆمەڵایەتی ڕیشەیی لەخۆیدا بهێنێتەدی و ببێتە بزوتنەوەیەکی سۆشیالیستی کۆمەڵایەتی بەهێز، هەر لە لۆکاڵێکدا (هەرێمی کوردستان) گیر نەخوات (مەبەست بەر لە روخانی ڕژێمی سەدامە 2003) و پەل بهاوێت بۆ تەواوی عێراق و وەک ئۆپۆزیسیۆنی سەرەکی ڕژێمی بەعس دەرکەوێت، تا بیتوانیایە لە ئاڵوگۆڕەکانی دوای ڕوخاندی ڕژێمی بەعس ڕۆڵێکی کاریگەر بگێرێت لە دیاری کردنی چارەنوسی کۆمەڵگەی عێراقدا. ئەو ئاستە لە بەهێزی تیۆری کە چەپی هەشتاکان لە وجودی ڕێکخراوی "ڕەوتی کۆمۆنیست"دا لە خۆی نیشاندا، لە دوای پێکهێنانی حیز، لە جیاتی ئەوەی کە پەرەی پێبدات، دابەزیە خوارەوە. ئیبتیزال و سەتحی گەرایی و داتاشینی تیۆری و ئیختیاریەت لە تاکتیکدا بونە سیمایەکی چەپ بە وجودی حیزب.

بزوتنەوە کۆمەڵایەتیە-سیاسیەکان ناتواننن پێشرەوی بکەن بەبێ خستنەڕوی ڕابەرانێکی تاراددەیەک ناودار کە سمبولی لانی کەم بەشێک لە جەماوەری کۆمەڵگە بێت وە بە قسە و ڕاگەیاندنەکانی ئەو ڕابەرە دڵیان ئاو بخواتەوە و لە وجودی ئەودا ئەو بەشە لە جەماوەرە هەست بە یەکیەتی و بە جۆرێک لە هێز و سەربەرزی بکات لەناو کۆمەڵگەدا. لێرەوە دەست ڕانەگەیشتنی ئەو بزوتنەوەیە بە ڕابەرانی فکری و سیاسی خاوەن کاریزما لەسەر ئاستی کۆمەڵ مەسەلەیەک نەبو پەیوەست بە خسوسیاتی فەردی کادرەکان وەیا مەسەلەیەک نەبوو پەیوەست بە پەروەردە و بەرهەمهێنانی کادر لە مەدرەسەی حیزبی، بەڵکو پەیوەستە بوو بە ئاسۆی سیاسی و بە یەک پرۆسە و یەک باڵاکردنی (ئێرتیقائی) سیاسی، یەک ئاڵوگۆری کۆمەڵایەتی لە پایەگای ئەو بزوتنەوە سیاسیەدا.

********** ********** **********